پێویستە کۆتایی بە دۆخی نائاسایی شەنگال بهێنرێت و ڕێککەوتننامەی شەنگال جێبەجێ بکرێت

مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکومەتی ماوە بە درێژکراوی هەرێم لە مەراسیمی ڕاگەیاندنی پاڵپشتیی دارایی بۆ ڕزگاربووانی ئێزدی لەدەستی ڕێکخراوەی داعش، ئەمرۆ سێشەممە ڕایگەیاند: هەوڵەکانی حکومەتی هەرێم بۆ ڕزگارکردنی ئێزدییەکان لەدەستی تیرۆریستانی داعش بەردەوام دەبێت و هەوڵ دەدات بە هاوکاریی کۆمەڵەی نێودەوڵەتی، چارەنووسیان دیاری بکات.

لەم بۆنەیەدا مەسرور بارزانی وتیشی: پشتیوانیی خۆمان بۆ داخوازییە ڕەواکانی ئێزدییەکان دووپات دەکەینەوە و پێویستە کۆتایی بە دۆخی نائاسایی شەنگال بهێنرێت و ڕێککەوتننامەی شەنگال جێبەجێ بکرێت و ئەو میلیشیا و هێزە نایاساییانەی لە ناوچەکەدا هەن، پێویستە دووربخرێنەوە بۆ ئەوەی بە هاوکاری حکومەتی فیدراڵ و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، بتوانین دەفەرەکە ئاوەدان بکەینەوە و دەسەڵاتی ناوچەکەش بگەڕێتەوە دەست خەڵکی ڕەسەنی شەنگال.